ئەو خۆشۆردنانەی (مستحب)ن

پەسەند (مستحب) ئەوەیە ئەگەر موکەللەف ئەنجامی بدات پاداشی لەسەر وەربگرێت، وە بە ئەنجام نەدانی لۆمە و سزای لەسەر نەبێ.

ئەو خۆشۆردنانەش شەشن وا لە خوارەوە باسیان ئەکەین:

١- خۆ شۆردنی ڕۆژی جومعە:-

لەبەر ئەوەی ڕۆژانی جومعە ڕۆژانی کۆبوونەوەن بۆ خوا پەرستی و نوێژ کردن، شەرع دانەر فەرمانی داوە لەو ڕۆژەدا خۆ بشۆررێت و تەئکیدی لەسەر کردۆتەوە، تاوە بۆ ئەوەی کە موسڵمانان لەو کۆبوونەوەیانەدا لەسەر چاکترین شێوەی پاک و خاوێنی بن.

لە ئەبو سەعیدەوە خوا لێی ڕازی بێت هاتوە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (غُسلُ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحتَلِمٍ وَأن يَمَسَّ مِنَ الطِّيبِ مَا يَقدِرُ عَلَيهِ) رواه البخاري و مسلم. واتە: خۆشۆردنی ڕۆژی هەینی لەسەر هەموو باڵغێك واجبە، هەروەها بۆنی خۆش لە خۆدان چەندە توانی لەو ڕۆژەدا.

مەبەست لە واجب بوون تەئکید کردنە لەسەر (مستحب) بوون، بەڵگەی ئەوەی کە بوخاری ریوایەتی کردوە لە ئیبنو عومەرەوە: (کە عومەری کوڕی (خطاب) ڕۆژێکی هەینی ووتاری ئەخوێند، لەو کاتەدا پیاوێك لە موهاجیرە ئەووەڵەکان لە یارەکانی پێغەمبەر ﷺ کە ئەویش (عثمان) بوو خۆی کرد بەناو مزگەوتدا، عومەر هاواری لێ کرد: ئێستا چ کاتە؟ ئەویش فەرمووی: سەرم قاڵ بوو نەچوومە ماڵەوە هەتا گوێم لە بانگ بوو لە دەست نوێژ گرتنێك زیاترم بۆ نەکرا، عومەر فەرمووی: هەر دەست نوێژیش؟ ئەشزانی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی ئەکرد بە خۆشۆردن؟).

شافیعی دەفەرمووێت: جا لەبەر ئەوەی (عثمان) وازی لە نوێژەکە نەهێنا بۆ خۆشۆردن، وە عومەریش فەرمانی پێ نەکرد لە مزگەوت دەر بچێت بۆ خۆشۆردن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردووکیان زانیویانە فەرمان بەخۆشۆردن ئیختیارییە. وە هەروەها بەڵگە لەسەر ئەوەی کە خۆشۆردنی جومعە (مستحب)ە ئەو (حديث)ەیە کە موسلیم لە ئەبی هورەیرەوە ئەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (هەرکەس بە شێوەیەکی باش دەست نوێژی گرت و لەپاشاندا هات بۆ نوێژی هەینی و باش گوێی گرتو بێدەنگ بوو، خوا لە تاوانەکانی نێوان ئەو هەینیە تا هەینیەکی تری ئەبورێ و سێ ڕۆژیش زیادە).

(قرطبي) لە میانەی ئیقرار کردن بەوەی کە بەم (حديث)ە بەڵگە بهێنرێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم خۆشۆردنە (مستحب)ە دەفەرمووێت: باس کردنی دەست نوێژ و ئەو شتانەی کە لەگەڵ دەست نوێژدایە، وە ئەو پاداشەی ئەدرێتەوە لەسەری کە چاکیەتی دەستنوێژەکە ئەگەیەنێ، دەلالەت ئەکات لەسەر ئەوەی کە دەست بەسە نوێژ کافیە.

(حافظ) ئیبنوحەجەر لە (التلخيص)دا دەفەرمووێت: ئەمە لە هەموو ئەو بەڵگانە بەهێزترە کە کراونەتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە خۆشۆردنی ڕۆژی هەینی فەرز نیە، وە قەول کردن بەوەی کە (مستحب)ە لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە تەرك کردنی خۆشۆردن زیان ناگەیەنێت، بەڵام ئەگەر تەرك کردنی ئەو خۆشۆردنە بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئازار بدرێ بە بۆنی عارەق و بۆنی ناخۆش ئەوە ئەو خۆشۆردنە واجب ئەبێ و تەرك کردنی حەرامە،

www.ba8.org

وە کۆمەڵێك لە زانایان بۆ ئەوە چوون کە خۆشۆردن بۆ ڕۆژی هەینی (واجب)[١]ە با لە نەکردنەکەیدا بە هۆی بۆنی عارەق و چلکەوە کەسیش تووشی ئازار نەبێ، بەڵگەشیان قسەی ئەبوهورەیرەیە خوا لێی ڕازی بێت کە دەفەرموویێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لەسەر هەموو موسڵمانێك حەقە هەفتەی یەکجار سەر و لاشەی بشۆرێت) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

وە ئەمان ئەو (حدیث)انەی هاتوون لەو بارەیەوە لەسەر (ظاهر) ی یەکەی وەریان گرتووە، وە هەرچی بەرنگاری ئەو (حدیث)انە وەستاوە ڕەدیان کردۆتەوە.

کاتی خۆشۆردنیش لە بەرەبەیانەوە درێژەی هەیە هەتا کاتی نوێژی هەینی، هەرچەندە وا (مستحب)ە کاتی چوون بۆ مزگەوت خۆ بشۆرریێت.

وە ئەگەر دووای خۆشۆردنەکە دەست نوێژی شکا تەنها دەست نوێژ گرتنەوەی بەسە.

(أثرم) دەفەرموویێت: گوێم لێ بوو کاتێك لە ئیمام ئەحمەدیان ئەپرسی ئایا کەسێك خۆی شۆردو دوایی دەست نوێژەکەی شکا ئەبێ تەنها دەست نوێژ بگرێتەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، وە دەربارەی ئەمە لە (حدیث)ەکەی ئیبنو ئەبزا بەرزترم نەبیستووە (تەواو بوو).

ئەحمەد ئاماژە بۆ ئەو (حدیث)ە ئەکات کە ئیبنو ئەبی شەیبە بە ئیسنادی صەحیح لە عبدالرحمنی کوڕی ئەبزاوە لە باوکی‌یەوە گێڕاویەتی‌یەوە، وە ئەو هاوڕێیەتی پێغەمبەری ﷺ کردوە کە: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی هەینی خۆی ئەشۆری، لەپاشاندا ئەگەر دەست نوێژەکەی بشکایە خۆ شۆردنەکەی دووبارە نەئەکردەوە.

وە کاتی خۆشۆردن کۆتایی دێت بە کۆتایی هاتنی نوێژی هەینی، جا هەرکەس دووای نوێژی هەینی خۆی بشۆرێت، ئەو خۆشۆردنەی بە خۆشۆردنی هەینی بۆ ناژمێررێت، وە ئەوەی ئەو کارە ئەکات بە بەجێ هێنەری فەرمانی خوا دانانرێت، بەپێی ئەوەی ئیبنو عومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرموویێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إِذَا جَاءَ أَحَدُكُم إِلَى الجُمُعَةِ فَلِيَغتَسِل) رواه الجماعة. واتە: هەرکەسێ لە ئێوە هات بۆ نوێژی هەینی با خۆی بشوات، وە لە

---

(1) ئەم ووتەیە حەقە و ڕەوایە کە پێویستە لێی لانەدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو حەدیسانەی کە دەلالەت دەکەن لەسەری بەهێزترو ئاشکراترن لە دەلالەتدا لەو حەدیسانەی کە (المخالفون) کردویانە بە بەڵگە لەسەر (إستحباب)، بۆ نمونە بڕوانە حەدیسی عومەر کە باس کرا لە کیتابەکەدا، ئەمە بەڵگە نی‌یە بۆ ئەوان، بەڵکو بەڵگەیە لەسەریان، لەبەر ئەوەی ئینکار کردنی عومەر لەسەر مینبەر لەبەردەم ئەو کۆمەڵە زۆرە لەو صەحابی‌یە بەڕێزە، و دان پێدانانی سەرجەم ئامادە بووان لە صەحابەو غەیری ئەوانیش بۆ ئەم ئینکار کردنە، ئەمە بەهێزترین بەڵگەی حوکم دەرە بەوەی کە واجب بوون، شتێکی مەعلوم بووە لەلای صەحابە، وە ئەگەر لەلای ئەوان واجب نەبووایە ئەو صەحابی‌یە لە عوزر هێنانەوەکەیدا پەنای نەئەبرد بۆ غەیری خۆی، جا ئیتر لە دوای ئینکاری کردنی عومەر و دان نانی صەحابەکان بەمە چیتر هەیە؟! هەروەها بەڵگەهێنانەوەیان بە حەدیسی ئەبوهورەیرە کە دەفەرموێ: (مَن تَوَضَّأَ فَأحسَنَ الوُضُوءَ...) (حافظ) لە (فتح) دا وەڵامی داوەتەوەو فەرمویەتی: لەوێدا نەفی غوسڵ ناکات) ، وە ئەو حەدیسە لە ڕویەکی ترەوە هاتوە لە صەحیح دا بە لەفزی (مِنِ اغتَسَلَ) جا لەوانەیە کە باسی دەستنوێژ بۆ کەسێك بێت کە پێش ڕۆیشتن خۆی شۆردبێ و پاشان پێویستی بە دەست نوێژ گرتنەوە بوبێت.

وە کۆی وتە ئەوەیە کە ئەو حەدیسانەی بە ڕاشکاوی باس لە واجبێتی غوسلی جومعە دەکەن حوکمێکی پتریان تیدایە لەو حەدیسانەی کە (استحباب) ئەگەیەنن، کەواتە هیچ (تعارض) ێك لە نێوانیانا نی‌یە، وە پێویستە ئەوەی حوکمی زیاتر دەگرێتە خۆ، ئەوە وەربگیرێت. بۆ زیاتر درێژەدان بەم باسە بگەڕێوە بۆ (نیل الأوطار)ی شەوکانی و (المحلی)ی ئیبنوحەزم. (تمام المنة ١٢٠).

www.ba8.org

ریوایەتی موسلیم دا بەم شێوەیە هاتووە: (إِذَا أَرَادَ أَحَدُكُم أَن يَأتِيَ الجُمُعَةِ فَلِيَغتَسِل). واتە: هەرکەسێك لە ئێوە ئەگەر ویستی بێ بۆ نوێژی هەینی با خۆی بشوات، وە (ابن عبدالبر) لەسەر ئەمە ئیجماعی نەقلٚ کردووە.

٢- خۆشۆردن بۆ هەردوو جەژنەکان:-

زانایان بە (مستحب) پەسەندیان داناوە بۆ هەردوو جەژنەکە خۆ بشۆرێت، وە لەو بارەیەوە (حدیث)ێکی صەحیح نەهاتووە.

لە (البدر المنیر)دا ئەفەرمووێت: ئەو (حدیث)انەی هاتوون دەربارەی خۆشۆردن بۆ هەردوو جەژن (ضعیف)ن، وە لەو بارەیەوە چەند (أثر)ێکی باش هەیە لە صەحابەوە.

٣- خۆشۆردنی کەسێك مردووی شۆردبێت:-

(مستحب)ە ئەگەر کەسێك مردوویەکی شۆری خۆی بشوات لای زۆر لە زانایان، بەپێی ئەوەی ئەبو هورەیرە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن غَسَّلَ مَيِّتاً فَلِيَغتَسِل، وَمَن حَمَلَهُ فَلِيَتَوَضَّأ) رواه أحمد وأصحاب السنن وغيرهم. واتە: هەرکەس مردوویەکی شۆری با خۆی بشوات، وە هەرکەس هەڵی گرت با دەست نوێژ بگرێت.

پێشەواکان تانەیان لە سەنەدی ئەم (حدیث)ە داوە، عەلی کوڕی مەداینی و ئەحمەد و ئیبنو مونذیر و رافیعی و چەند کەسی تر فەرموویانە: زانایانی (حدیث) لەم بەشەدا هیچ (حدیث) یێکیان بە صەحیح دانەناوە.

بەڵام (حافظ) ئیبنو حەجەر دەربارەی ئەم (حدیث)ە دەفەرمووێت: (ترمذي) بە حەسەنی داناوە، وە ئیبنو حیببانیش بە صەحیح، وە حەدیسەکە (بە زۆری ڕێگاکانی) کەمترین حاڵەتی ئەوەیە کە حەسەن بێت. کەواتە ئینکار کردنی نەوەوی لە تەحسین کردنەکەی (ترمذي) بەرپەرچ دراوەتەوە. (ذهبي) دەفەرمووێت: ڕێگاکانی ئەم (حدیث)ە بەهێزترە لە چەند (حدیث)ێك کە زانایان بەڵگەیان پێ هێناوەتەوە، وە ئەو فەرمانەی کە لەم (حدیث)ەدایە لەسەر (ندب) پەسەندی دائەنرێت نەك وجوب، بەپێی ئەوەی لە عومەرەوە خوا لێی ڕازی بێت ریوایەت کراوە دەفەرمووێت: (ئێمە کاتێ مردوومان ئەشۆرێ هەمان بوو دوایی خۆی ئەشۆری و هەمان بوو خۆی نەئەشۆرێ) (خطیب) بە ئیسنادی صەحیح گێڕاویەتییەوە[٢].

([٢]) بێ گومان کە ئیسنادەکەی صەحیحە، بەڵام هێنانی حەدیسەکە بە ووشەی (رُوِي) - ریوایەت کراوە - ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی کە زانایانی (حدیث) لەسەری ڕێك کەوتون کە ووشەی (روي) و وێنەی ئەو تەنها (حدیث)ی (ضعیف)ی پێ ئەهێنرێت.

وە دانەر لێرەدا چاودێری ئەم زاراوەیەی نەکردووە بێ‌دەنگی لێ کردوە، هەر وەکو لە حەدیسەکەی پێشەوەشدا لە لاپەڕە (٤٤)دا هەروەهای کردوە.

لەپاشان ئەوە دانەر شوێن (حافظ) ئیبنو حەجەر کەوتووە کە لە (تلخیص)ەکەیدا ئەم حەدیسەی داوەتە پاڵ (خطیب) بە تەنها لە مێژووەکەیدا، وە ئەمەش وا ئەگەیەنێت کە (حدیث)ەکە لای کەسێکی تر نەهاتوە کە پایەی بەرزتر بێت لە (خطیب)، وە کتێبەکەی ئەم مەشهورتر بێت لە کتێبەکەی ئیبنوحەجەر، بەڵام بەو شێوەیە نیە، چونکە (دارقطني)ش لە سونەنەکەیدا لاپەڕە (١٩١) تەخریجی کردوە. (تمام المنة).

www.ba8.org

وە کاتێك ئەسمای کچی عومەیس ئەبو بەکری مێردی شۆری خوا لێی ڕازی بێت کاتێ وەفاتی کردبوو هاتە دەرەوەو پرسیاری لە ئامادە بووان کرد ئەوانەی موهاجیر بوون ووتی: ئەمڕۆ زۆر ساردە و بەڕۆژووم ئایا پێویستە لەسەرم خۆم بشۆم ؟ ووتیان: نەخێر. مالیك گێڕاویەتی‌یەوە[٣].

٤- خۆشۆردن بۆ ئیحرام بەستن:-

لای جەماوەری زانایان (مندوب) پەسەندە بۆ ئەو کەسەی کە بیەوێ ئیحرام ببەستێ بۆ حەج یا عومرە خۆی بشوات، بەپێی حەدیسی زەیدی کوڕی (ثابت) کە ئەگێڕێتەوە دەفەرمووێت: (پێغەمبەرم ﷺ بینیوە خۆی ڕووت کردۆتەوە بۆ ئیهلال کردن و خۆی شۆریوە). (دارقطني و بيهقي وترمذي) کە بە حەسەنی داناوە گێڕاویانەتەوە[٤]، وە عوقەیلی بە (ضعيف) ی داناوە.

([٣]) جەزم کردنی دانەر بەمە کە ئەسما مێردەکەی شۆریوە.. تا کۆتایی. وا دەرئەخات بەسەرهاتەکە ئیسنادەکەی ڕاست بێت، بەڵام بەو شێوەیە نیە، چونکە سەنەدەکەی پچڕ پچڕی تێدایە. مالیك لە (الموطأ) دا (١/٢٢٢-٢٢٣) دەری هێناوە لە عبد اللهی کوڕی ئەبی بەکرەوە. وە ئەو عبداللهی کوڕی ئەبی بەکرە کوڕی ئەبی بەکری صددیق نیە وەك بە بیردا دێ، بەڵکو عبد الله ی کوڕی ئەبی بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزمی ئەنصاری‌یە، کە جێی باوەڕەو پێشەوایە، وە مامۆستای مالیکە، بەڵام نەگەیشتوە بە ئەسماء، چونکە مردنی ئەسماء پێش ساڵی (٥٠ ك) بووە، بەڵام لە دایك بوونی عبد الله دووای ساڵی (٦٠ هـ) بووە وەك لە (التهذيب) دا هاتووەو لەجێی تریشدا.

جا ئەگەر ئەو (أثر)ە صەحیح بێت بەڵگەیە لەسەر پێویستی خۆشۆردن دووای شۆردنی مردوو وەکو بۆچونی ئیبنوحەزمیشە، چونکە صەحابەکان تەنها لەبەر سەرمای توند فەتوایان بۆ داوە خۆی نەشوات لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڕۆژوو بوە. (تمام المنة).

فائیدەیەك: لێرەدا چەند خۆشۆردنێکی (ثابت) هەیە، کە دانەر بۆ باسکردنی نەچووە، جا من بە سودم زانی کە لەبیری نەکەین:

یەکەم ـ خۆشۆردن بۆ هەموو سەرجێیی کردنێك، بە بەڵگەی حەدیسی ئەبی رافع کە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێکیان هەموو خێزانەکانی بەسەر کردەوە، لەلای ئەمو لەلای ئەو خۆی دەشۆری، ئەڵێ: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا! بۆ یەکجار خۆت ناشۆیت؟ فەرمووی: ئەمە باشتر وخۆشتر و پاکترە، ئەبوداود و جگە لەویش گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن، هەر بۆیە لە صەحیحی ئەبی داوددا هێناومەتەوە، وە تیایدا باسی ئەوەم کردووە کە (حافظ) بەهێزی کردووە و کردوویەتی‌یە بەڵگەی ئەوەی کە باسمان کرد.

دوەم ـ خۆ شۆردنی ئافرەتی (مستحاضة) کە خوێنی نەخۆشی لێ دێت بۆ هەموو نوێژێك، یان بۆ نیوەڕۆو عەسر بە یەکەوە یەك غوسل، وە بۆ مەغریب و عیشا بە یەکەوە یەك غوسل، وە بۆ نوێژی بەیانی یەك غوسل، بە بەڵگەی حەدیسی عائیشە کە دەفەرمووێت: ئوممو حەبیبە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ تووشی (استحاضة) بوو، جا فەرمانی پێ دا کە بۆ هەموو نوێژێك خۆی بشوات... حەدیسەکە، وە لە ریوایەتێکی تردا هەر لەوەوە: ئافرەتێك لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ تووشی (استحاضة) بوبو جا فەرمانی پێ کرا کە پەلە لە عەسر بکاتو نیوەڕۆ دووا بخات و بۆ هەردووکیان یەك غوسل بکات، و مەغریب دووا بخات وپەلە لە عیشا بکات و بۆ هەردوکیان یەك غوسل بکات، وە بۆ نوێژی بەیانی‌یەك غوسل بکات، وە سەنەدی ئەم ریوایەتە صەحیحە لەسەر مەرجی شەیخەین، وە ئەوەی یەکەمیان تەنها صەحیحە هەروەك لە (صحيح السنن) دا بە ژمارە (٣٠٠و٣٠٥) ڕوونم کردۆتەوە.

سێیەم ـ خۆشۆردن دوای بێ هۆش بوون: بەبەڵگەی حەدیسی عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: پێغەمبەر ﷺ بورایەوە کاتی نەخۆشی- یەکەی، کە هۆشی هاتەوە فەرمویێ: (خەڵکەکە نوێژیان کرد؟) ووتمان: نا، ئەوان چاوەڕێی تۆیانە ئەی نێرراوی خوا. فەرمووی: (ئاوم بۆ بکەنە دەفرەکەوە) عائیشە ئەفەرمویێ: ئێمەش وامان کردو خۆی شۆرد... تا کۆتایی حەدیسەکە.

چوارەم ـ خۆ شۆردن دووای ناشتنی بێ باوەڕ، چونکە عەلی کاتێ باوکی لە گۆڕ نا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بچۆ خۆت بشۆرە. (تمام المنة).

([4]) ئەم حەدیسە حەسەنە وەك شێخ ئەلبانی دەفەرمووێت لە (إرواو الغليل) دا ژمارە (١٤٩).

٥- خۆ شۆردن بۆ چوونه ناو مەككە:-

هەركەس بیەوێ بچێته ناو شاری مەككە (مستحب)ە خۆی بشۆرێت، بە پێی ئەوەی لە ئیبنو عومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت ریوایەت كراوە كە (نەئەچووە ناو شاری مەككە هەتاوەكو لە (ذی طوی) ڕۆژی نەكردایەتەوە، لەپاشاندا بە ڕۆژ ئەچووە ناو مەككەوە) وە ئەگێڕنەوە كە پێغەمبەر ﷺ ئەوەی كردووە. بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە. وە ئەمە لەفزی موسلیمە.

ئیبنو مونذیر دەفەرموویێت: كاتی چوونە ناو شاری مەككە خۆشۆردن (مستحب)ە لای هەموو زانایان، وە بە نەكردنی فیدیه پێویست نابێت لەلای زانایان، وە بەشی زۆریان ئەفەرموون: دەست نوێژ بری خۆشۆردن ئەكەوێت.

٦- خۆشۆردنی وەستان لە عەرەفە:-

هەركەس بیەوێ لە عەرەفە بۆحەج بووەستێ (مندوب)ە خۆی بشوات بە پێی ئەوەی مالیك لە نافیعەوە ئەگێڕێتەوە كە (عبد الله) ی كوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێت پێش ئەوەی ئیحرام ببەستێ خۆی ئەشۆری بۆ ئیحرام بەستن، و بۆ چوونە ناو مەككە، و بۆ وەستانی لە عەرەفە ئێوارەی عەرەفە.

پایەكانی (غسل) خۆشۆردن

حەقیەتی خۆشۆردنی شەرعی نایەتە جێ بە دوو شت نەبێت:

١- نی‌یەت:-

لەبەر ئەوەی بە نی‌یەت عیبادەت لە عادەت جیا دەكرێتەوە، وە نیەت كارێكی پەتی دڵە، ئەمما ئەوەی خەڵك لەسەری ڕاهاتوون كە بە دەم نیەت ئەڵێن، ئەوە شتێكی پەیدا بووەو شەرعی نیە، پێویستە وازی لێ بهێنرێت، وە لە باسی دەست نوێژدا قسەمان كردووە لەسەر حەقیقەتی نیەت.

٢- شۆردنی هەموو ئەندامەكانی لەش:-

بە پێی فەرمانی خوای گەورە كە ئەفەرموویێت: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾ (مائدة/٦) واتە: كاتێ لەشتان گران بوو خۆتان پاك بكەنەوە خۆتان بشۆن.

هەروەها ئەوەی ئەفەرموویێت: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ﴾ (البقرة/٢٢٢). واتە: دەربارەی حەیز پرسیارت لێ ئەكەن بڵێ ئەوە زیان و چەپەڵی‌یە، جا لە كاتی حەیزا لە ژنان دووری بكەن و مەچنە لایان و نزیكیان مەكەن تا پاك ئەبنەوە، واتە: تا خۆیان ئەشۆرن.

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە مەبەست لە (تطهر) خۆشۆردنە ئەوەیە کە بەڕاشکاوی لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِى سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُواْ﴾ (النساء/٤٣). واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بە سەرخۆشی نزیکی نوێژ مەکەونەوە هەتا ئاگاتان لە خۆتان بێ و بزانن چی ئەڵێن، وە نزیکی نوێژو جێگەی نوێژ کە مزگەوتە مەبنەوە بە لەشی گرانەوە هەتا خۆتان ئەشۆن، مەگەر بە پەلە تێیدا تێپەڕن. حەقیقەتی خۆشۆردنیش شۆردنی هەموو ئەندامەکانی لەشە.

سوننەتەکانی خۆشۆردن:

سوننەتە بۆ ئەو کەسەی کە خۆی ئەشۆرێ ئاگاداری سوننەتەکانی پێغەمبەر بێت ﷺ لە خۆشۆردنەکەیدا و بەم جۆرە دەست پێ بکا:

١- هەردوو دەستی سێ جار بشوات.

٢- لەپاشاندا شوێنی شەرمی بشوات.

٣- لەپاشاندا دەست نوێژێکی تەواو بگرێت وەك چۆن دەست نوێژ بۆ نوێژ ئەگرێت، وە بۆی هەیە شۆردنی هەردوو پێی دووا بخات هەتا لەشی ئەشۆرێ.

٤- پاشان سێ جار ئاو بکات بە سەریا و دەست بخاتە نێوان مووەکانی سەری بۆ ئەوەی ئاو بگاتە بەینی مووەکان و تەڕ ببن.

٥- ئینجا ئاو بکات بەسەر هەموو لەشیدا و لای ڕاست پێش بخات لە شۆردندا دوایی لای چەپ و باش دەست بخات لە بن هەردوو باڵی و ناوی هەردوو گوێچکەکانی و ناوکی، وە دەست بخات لەنێوان پەنجەکانی هەردوو پێی، وە هەروەها ئەو شوێنانەی لەشی کە ئەتوانێ دەستیان لێ بخات.

وە ئەصڵی هەموو ئەمانە ئەوەیە عائیشە خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ کاتێ خۆی بۆ لەش گرانی ئەشۆری لەسەرەتاوە هەردوو دەستی ئەشۆری، لەپاشاندا بە دەستی ڕاستی ئاوی ئەکرد بە دەستی چەپیداو شەرمگەی ئەشۆری، پاشان دەست نوێژێکی ئەگرت وەك ئەوەی دەست نوێژی بۆ نوێژ ئەگرت، لەپاشاندا ئاوی ئەکرد بەسەریا و دەستی ئەخستە بنی مووەکانی سەری هەتا دڵنیا ئەبوو لەوەی بنی مووەکان بە تەواوی تەڕ بوون، لەپاشاندا سێ لەوێچ ئاوی ئەکرد بەسەریا، ئینجا ئاوی ئەکرد بەسەر باقی لەشیا. بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

وە لە ڕیوایەتێکی تریاندا هاتووە (لەپاشاندا دەستی ئەخستە ناو قژی سەری هەتا دڵنیا ئەبوو کە پێستی سەری تەڕ بووە ئینجا سێ جار ئاوی ئەکرد بەسەریا).

وە هەر لە بوخاری و موسلیمەوە هاتووە لە عائیشەوە کە دەفەرموویێت: (پێغەمبەر ﷺ کاتێ خۆی بشۆردایە بۆ لەش گرانی داوای هەندێ ئاوی ئەکرد و ئاوی ئەکردە لەپی دەستی و لای ڕاستی سەری ئەشۆری و لەپاشاندا لای چەپی ئینجا بە مستی ئاوەکەی ئەکرد بەسەریا).

وه له (ميمونة)ەوه خوا ليّى رازى بێت هاتوه كه دەفەرمووێت: (ئاوم دانا بۆ پێغەمبەر ﷺ خۆى پێ بشوات، ئاوى كرد به دەستەكانيدا و دوو يان سێ جار شۆردنى، پاشان به دەستى راستى ئاوى كرد بەلاى چەپى دا و شەرمگەى شۆرى و لەپاشاندا دەستى خشان به زەويدا، پاشان ئاوى له دەمى رادا و به لووت ئاوى هەڵمژى و فمى كردەوه، پاشان دەم وچاو و هەردوو دەستى شۆرى، پاشان سێ جار ئاوى كرد بەسەريا، ئينجا ئاوى كرد به لەشيا، لەپاشاندا له شوێنەكەى هاته ئەم لاوه و ئاوى كرد به هەردوو پێى دا، (عائيشه) دەفەرمووێت: پارچه قوماشێكم بۆ هێنا خۆى پێ ووشك بكاتەوه نەى ويست، وه به دەستى ئاوەكەى له خۆى كردەوه) (جماعة) گێڕاويانەتەوه.

==================

سايتى بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەميشه لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمى نوێ